سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە زانکۆی سلێمانی کرایەوە



بە یەکەمجار لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عیراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە زانکۆی سلێمانی کرایەوە.

میدیاکانی یەکێتی بۆیانکردووە، ئەمڕۆ ٢٩ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٣، بە ئامادەبوونی شاناز ئیبراهیم ئەحمەد خانمی یەکەمی عیراق، لیژنە جێگرێ کونسوڵی گشتیی کۆماری گەلی چین لە هەرێم، باییز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرکەوتنی جەلال تاڵەبانی، د. هەڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی و د. کەسار محەمەد سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و مامۆستایانی زانکۆ، لە ڕووسەمکی شایستەدا سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە زانکۆی سلێمانی دەستیبەکارکانی کرد.

لە مۆناسیمکەدا باییز د. محەمەد سابیر سەرۆکی دامەزراوەی سەرکەوتنی جەلال تاڵەبانی لە وتەیکیدا

پشتیوانی دامەزراوەکەی بۆ زانکۆ و یەکەمین سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە هەرێمی کوردستانی عیراق و خەرهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سلێمانی دەربڕی و بۆ دەستپێشخەرییەکی باشی وەسفکرد.

راشیگەیاند: "کردنەوەی ئەم سەنتەرە دەرگایەکی باش دەبێت بۆ گەشەپێدانی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی چین، لەووی زانستی، ئەکادیمی، ئابووری، دەزگەنەوەی هەڵی کار و پێگەیاندنی کادر و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەدەستهێنانی کورسی خوێندن بۆ خوێندکارانی خوێندنی باڵا".

دواتر وتێژ لەلایەن لیو جون کونسوڵی چین لە هەرێم پێشکێشکراو تێیدا جەختی لە دروستکردنی پردی پەیوەندی نێوان هەردوولا کردەوە لە بواری زانستی و ئەکادیمیا، هەروەها گەشەپێدانی زانیاری و ئاڵوگۆڕی مامۆستاو خوێندکارو سودبینین لە توانا کانی هەردوولا، هەروەها خێشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ کردنەوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی چین لە زانکۆی سلێمانی، هیواشی خواست ئەم سەنتەرە ببێتە دەستپێکی پەیوەندییەکی پتەو بۆ کاری گەورەتر لە هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتگەیاندن بۆ وڵاتی چین و هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا.

هەر لە مەراسیمەکەدا د. هێڤاڵ ئەبوبەکر پارێزگاری سلێمانی رایگەیاند: کردنەوەی ئەم سەنتەرە وەڵای دەستکەوتێکی مەزنە بۆ هەرێمی کوردستان و زانکۆی سلێمانی دەستکەوتێکی مێژوویی و گەورەیە بۆ تایبەت بۆ شاری سلێمانی "پایتەختی ڕۆشنبیری"، بۆیە پێویستە زیاتر پەرە بە پەیوەندییەکانمان بدەین لەگەڵ وڵاتانی دنیا، بۆ تایبەت لە بواری زانستی ئەکادیمی کە سەرچاوەو کەڵکەڵەی بەروپێشبردنی وڵاتە.